# ئەو عەشقەی تۆ ... قادر ئەسعەد



دەپێم بڵێ بەو ناوەختە
بۆ بە جێم دێڵی
زامی جودایی و نامۆیی
لە دڵ دەکێڵی
ئەی مامۆستای عەشق و جوانی
عەشق وانابێ
هەر کاتێک تۆ مەبەستت بوو
دڵت گۆڕابێ
بۆ وا دەکەی بۆ وا دەکەی هاوار لە ڕێی خوا
عاشقێکی دڵ سوتاوم زوو بگە فریام
هە تا مە بەست و ئارەزوت
لەگەڵم دابوو
چرۆی ئەو عەشقە جوانەت
لە باخە دابوو
ئەتۆ دەتووت من نازانم
مانای جودایی
ئەگەر وایە بە جێم دێڵی
بۆ بە تەنیایی
بۆ وا دەکەی بۆ وا دەکەی هاوار لە ڕێی خوا
عاشقێکی دڵ سوتاوم زوو بگە فریام
عەشقی ئێمە لە چاوی پیس
دەبا زۆر دوور بێ
لە نێو کۆڕی عاشقاندا
بەستەو ئاواز بێ
هەموو بڵێن ئامین خوایە
بۆ ئەو دوعایە
ئەوەی عاشقە بە یەک شادبێ
هاوار خودایە
بۆ وا دەکەی بۆ وا دەکەی هاوار لە ڕێی خوا
عاشقێکی دڵ سوتاوم زوو بگە فریام
دە تۆش وەرە هەتا مردن
نازت هەڵدەگرم
وەکو دایک لە باوەشی
مناڵیت دەگرم
ئەگەر جارێ بڵێ ی گیانە
خۆمن نەمزانی

گوڵ بارانت دەکەم ئەمن
بە عەشق و جوانی
ئەو عەشقەی تۆ چی عەشقێک بوو
زۆری گریاندم
وەکو منداڵ لە باوەشی
دایک گریاندم
بە شەو گریان بە ڕۆژ سوتان
دڵ بە ئازارم
بۆ گوێ ناگری لە ناڵین و
گریەو ئازارم
بۆ وا دەکەی بۆ وا دەکەی هاوار لە ڕێی خوا
عاشقێکی دڵ سوتاوم زوو بگە فریام
....................
پێشکەشە بە ڕۆژی عاشقان

ستۆکهۆڵم
٢٠٠١